## سەرنووسەر داوای لێبووردنی کرد ... مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی

aram_mmmm@yahoo. com

بەرێز (کارستن یوستە) سەرنووسەری رۆژنامەی (جولاندس پۆستن) لە نامەیەکیدا بۆ (بەرێزان هاولاتیانی عەرەب) روونکردنەوەیەکی بەپێزی داوە دەربارەی ئەو وێنە کاریکاتێریانەی کەلەسەر پەیامبەری ئیسلام (د. خ) لە رێکەوتی 2005/9/30 لە رۆژنامەکەی بلاوبوونەتەوە.

هەرچەندە ئەو وێنانەی بلاوبونەتەوە بەپێی شەریعەتی ئیسلامی هەستی ناسکی موسلمانانی ورروژاندوەو پەیامێکی خراپە بۆ بیانوو هێنانەوەی تیرۆریستانی عەرەب بە شەرعیەتی تیرۆریان دژی کریستیانان، وەلی کاتێك پەیامەکەی بەرێز یوستەم خوێندەوە کە بە زوبانی عەرەبی لەسەر سایتی رۆژنامەکە بلاوکراوەتەوە * کۆمەلێك تێبینیم لا درووست بوو، کە شایەنی ئەوەن لێم وەربگرن:

1. تا ئەو لەحزەیەش کریستیانانی (ئەوروپا، ئەمەریکا، ئوسترالیا) ئیسلام تەنها لە عەرەب وێنا دەکەن، بۆیە سەرنووسەر بۆ رەواندنەوەی وروژاندنەکە پەیام ئاراستەی عەرەب دەکات، بەلام نازانم چی وای لە ئەندەنووسیەکان کرد کە بالێوزخانەی دێنمارك بسووتێنن، ئەری دەبی ئەوان لە عەرەب موسلمان تر بن.

2. رۆژئاواییەکان هەمیشە ئەگەر بزانن هەستی بەرامبەریان بریندار کردووە، بی سلەمینە داوای لێبووردن دەکەن، ئەو فەرهەنگە لای ئەوان زۆر پیرۆزە و رۆحی بەخشین بازنەیەکی گەورە لایان پێك دێنێت، ئەوە بۆیە زۆر بە دەگمەن ری دەکەوێت تاکێکی خۆتەقێنەریان لا هەبێت، ئەم فەرهەنگی لێبووردنەش لە پەیامەکەی یوستن بە ئاشکرا دیارە کاتێك زیاتر لە دووجار داوای لێبووردن دەکات سەرەرای ئەوەی کە ئەو (12) وێنەی لە رۆژنامەکەی بلاوبونەتەوە بەپێی یاسای ئەوان دەچێتە خانەی (ئازادی تەعبیر کردن لە را) ، وەکو تیرۆریستەکان دەلێن (شتێك شتێکت وەبیردەخاتەوە) خۆزگە ئەو فەرهەنگی داوای لێبووردنە لای ئێمەش درووست دەبوو، ئەو کات بەرێزان (نەژاد عەزیز سورمی) و (ئازا حەسیب قەرەداغی) ش فەرهەنگی داوای لێبوودرن دەیانیگرتەوە**.

3. ئەوەی هێرشە توندەکانی ووتاربێژ و سەرکردەی ئیسلامیە سیاسیەکان بەراورد بکات لەگەل پەیامەکەی یوستن هەست بە کەلێنێکی گەورەی تێگەیشتن دەکات، سەیر لەوەدایە زۆربەی ئەوانەی بە توندی ئیدانەی ئەو کارەیان کرد ئەسلەن وێنەکانیان نەدیبوو، یوستن باس لەوە دەکات کە لایەنێکی تر (کە من زیاتر بەلای تیرۆریستە عەرەبەکانی دەبەم) هاتووە وێنەی تری (کە ئەو وێنانە بوونەتە گەورەبوونی کێشەکە) خستۆتە پال رۆژنامەکەی کە یوستن بەبەلگە هەمووی رەت دەکاتەوە.

4. هەمیشە رۆژهەلاتی ناوەراست بە دواکەتوویی بەناوبانگە و ئەگەر رستەی (لە گوێی گادا نووستووە) بەکاربهێنم خیانەتم لە وەسفەکەم نەکردووە، ئەگەرنا ئەو وێنانە لە 2005/9/30 بلاوبوونەتەوە، کەچی هەلاو بەزم لە کۆتایی ژانیوەری ئەمسال دروست بوو، بە تەحدیدیش بالێوزخانەی نەمسا لە جاکارتا لە 2006/2/2 سووتێندرا.

5. کە لە رۆژنامە دەنووسرێت (ووتارەکان تەعبیر لە بۆچوونەکانی رۆژنامە) ناکات، کەواتە ئەو کاریکاتێرانە کە بەپێی پەیامی سەرنووسەر نەیاندەزانی هەستی موسلمانان بریندار دەکات، ئەوا بەهیچ شێوەیەك تەعبیر بە بیروبۆچوونی حوکومەتی دێنمارك ناکات، لی

نازانم داخستی باڵیۆزخانەی ئەو وڵاتە لە لیبیا، سووتاندنی لە ئێندەنوزیا، بانگردنی باڵیۆز لە عێراق لە پای چی؟

www.jp.dk سایتی ڕۆژنامەی (جولاندس پۆستن) ی دێنمارکی، کە لەوی پەیامەکەش هەیە ئەگەر عەرەبی دەزانی دەتوانی بیخوێنیەوە.

** بەڕێز (نەژاد عەزیز سورمی) کاتێك لە ڕۆژنامەکەی لە بری (پێشمەرگەی وون) نووسرابوو (پێشمەرگەی گومناو).

بەڕێز (ئازا حەسیب قەرەداغی) کاتێك لەشەوی 2006/2/3 تەلەفزیۆنەکەی پەیامی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی تایبەت بە قەرەبووکردنەوەی زەرەرمەندانی لافاوی هەولێری لەیەك كات و بەدووبێژەر بە هەردوو شێوەزاری (کرمانجی و سۆرانی) پێشکەش کرد، وەکو ئەوەی هەر دیالێکتێك زمانێك بێت.